دیمانە/ خەلیل بابە

## جەلیل زەنگەنە:

# زنجیرە دۆبلاژ کراوەکان میزاجی کوردەواریمان تێک دەدەن و زیانی فیکریان هەیە



**■هونەرمەندی ناودار جەلیل زەنگەنە یەکێکە لەو هونەرمەندانەی چل ساڵێك دەبێت بەشێوەیەکی ئەکتیڤانە بەردەوامە لە کاری هونەری و خزمەت بە هونەری میللەتەکەی دەکات، لە بوارەکانی شانۆو دراما شوێن پەنجەی دیار بووە، بە هەمان شێوە لە نووسینی سیناریۆشدا دەستێکی باڵای هەبووە(بەهاری و زراو و ژاڵەو هاوارێکی تاساو و مانگی ئاوابوون و سروودی خۆشی تۆ و بەشی یەکەم و دووەمی گەردەلوول) گەواهیدەری ئەم راستیەن، ئێستاش سەرەڕای ئەوەی دووچاری نەخۆشی دڵ هاتبوو و بۆ چارەسەر سەردانی دەرەوەی هەرێمی کرد بوو، ماوەی بیست مانگێك دەبێ سەرقاڵی بەشی سێیەمی گەردەلوولە کە لەوانەیە ژمارەی ئەڵقەکانی بگاتە ٦٠-٧٠ ئەڵقە و ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی هەموو شارەکانی کوردستان بەشداری تێدا دەکەن، لە ماوەی رابردوودا چەند شەوێك بەیەکەوە بووین لە کاتی وێنەگرتنی بەشی سێیەمی گەردەلوول و لە میانەی دانیشتنی نێوانماندا ئەم دیمانەیەم لەگەڵیدا بۆ گوڵان ساز کرد.■**

**● دوای بیست مانگ کاری بەردەوام لە بەشی سێیەمی گەردەلوول هەست بەوە ناکرێ کا ماندوو و بێ تاقەتی سەرەڕای ئەوەی باری تەندروستیتان باش نییە، ئەمە هۆیەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- راستە خۆتان و بینەرانیش باش دەزانن کە تەندروستیم زۆر باش نییە و رەنگە هەندێك کەس وا هەست بکەن من بێزار بووبم بەڵام بە پێچەوانەوە من ئەو کات هەست بە بێزاری و ماندووبوون دەکەم کاتێك نەچم بۆ کارەکەم یان رۆژێك وێنەگرتنمان نەبێت، ئەو رۆژانەی کە لە بەیانییەوە دەست دەکەم بە وێنە گرتن بەشێوەیەکی وا دەچمە نێو کارەکەوە نازانم کات چۆن دەڕوات، کاتێك بیرم دێتەوە دەبینم کات دووی شەوە، بگرە هەندێك جار تا بەیانی خەریکی کارو وێنەگرتنم، نە هەست بە ماندوو بوون دەکەم نە بە برسێتی، چونکە کارەکەم بە عیشق و خۆشەویستی و دڵسۆزییەوە گرتووە و لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووە و وەك عەشیقەیەك سەیری دەکەم و بۆی دەسووتێم، عاشق لەگەڵ مەعشوقەکەی چۆنە منیش لەگەڵ گەردەولوول ئاوام، جگە لەوەی کە بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە لەسەر شانم و دەبێ بە هەمان رۆحیەتەوە تەواوی بکەم، کاتێك کار دەکەم جا لە هەر کارێکی دیکە هەست ناکەم جەلیلی تەمەن شەست ساڵەم بەڵکو هەست دەکەم هێشتا تەمەنم بیست و پێنج ساڵە.

**● لە هەر کارێکی هونەریدا بەربەست و ئاستەنگ هەیە، ئایا چ ئاستەنگێکت هاتە پێش لەم بەشەی گەردەولول کە شایەنی ئەوە بێت بۆ ئێمەو خوێنەرانی باس بکەیت؟**

-بێگومان هیچ کارێکی هونەری بێ ئاستەنگ و بەربەست نابێت، بەڵام گەورەترین شت ئەوەیە کە تۆ بتوانی زاڵ بێ بەسەر ئەم بەربەست و ئاستەنگانەو بە رۆحیەتێکی فیداکارییەوە کار بکەی، گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەمماندا کێشەی لۆکەیشن و ئیکسسوار بوو لەبەر قەرەباڵغی شوێنەکان و گۆڕانکاری لە مۆدێل و ئەو شتانە، بۆیە ئەنجامدانی کارەکە ئەوەندە ئاسان نییە، بەداخەوە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە لە هر شارێك بەشێك لە کەلەپووری میللەتەکەمان کە بۆنی کوردەواری و رەسەنایەتی لێ بێت بپارێزرێت ، یان ستۆدیۆیەك دروست بکرێت کە هەموو پێداویستیەکانی بۆ فیلم و درامای کوردی لە خۆ بگرێ جگە لەوەی کە حکومەت پێویستە هاندەر بێ بۆ بەرهەم هێنانی درامای کوردی رەسەن بۆئەوەی ئەوەندە پەنا نەبرێتە بەر درامای دۆبلاژکراوی بیانی کە نەك هەر سوودمان پێ ناگەیەنن، بگرە زیانی فیکری زۆری هەیە و میزاجی کوردەواریمان تێك دەدەن، بەداخەوە لەلایەنی بودجەو دەرخستەوە لەگەڵ پاداشت و بەرهەمهێنان بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی ترلە سەدا یەکە، ئیدی ئەمانەو چەندین ئاستەنگی تر هەیە، ئەگەر کار وا بڕوات ناتوانین درامای کوردی پێش

بخەین و لە قەیران دەربازی بکەین.

*** تاچ رادەیەك لە کارەکەت رازیت، ئایا ستافەکە وەك پێویست هاوکاریت دەکەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر ستافەکەتدا هات و ئەوانەی لە بەشی یەکەم و دووەم بەشدارییان کرد زۆریان گۆڕاون؟**

- ئەگەر لە کارەکەم رازی نەبوومایە بەردەوام نەدەبووم بە پێچەوانەوە زۆر شانازی بە بەشی سێیەمی گەردەلولەوە دەکەم لە زۆر رووەوە، دوایش جەماوەر بۆ راستی قسەکەم ئەمە دەسەلمێنێ پاش نمایش کردنی و بینینی، سەبارەت بە ستافەکەم زۆر دڵسۆزن و بە عەشقەوە کار دەکەن و زۆریش هاوکاری من دەکەن، لێرەدا جێگای خۆیەتی سوپاسیان بکەم بۆ ئەو ماندووبوون و هیلاکییەی کە کێشاویانە، ئەگەر رۆژێك کار نەکەن بیری دەکەن.

*** ئەو ئەکتەرانەی لەم بەشەدا دەست نیشانت کردون لە ئاستی هیوا و ئاواتی تۆ بوون؟**

- هەندێکیان خاوەن توانایەکی زۆر بوون، بەڵام تواناکانیان شاراوە بوو و تەنانەت منیش شارەزایان نەبووم ئەمەش بە حوکمی ئەوەی کارمان بەیەکەوە نەکردبوو، بەڵام لە گەردەلوول تواناییان بەدەرکەوت و بوونی خۆیان سەلماند، بێگومان کاتێك بینەر ئەم ئەکتەرانە دەبینێت بە روونی هەست بە توانا و لێهاتووییان دەکات و شایەدییان بۆ دەدات.

***جەماوەر لە مێژە چاوەڕوانی ئەم بەشە دەکەن و زۆر بە پەرۆشن بۆ بینینی، کەی کۆتایی دێت و ئامادە دەبێت بۆ نمایش کردن؟**

- رێز و سڵاوم بۆ جەماوەری خۆشەویست هەیە و بۆ ئەوانەی لە هەر شوێنێك و بە هەر شێوەیەك هاوکارییان کردووین، دڵنیام ئەگەر تەمەن مۆڵەت بدات و هیچ ئاستەنگێکی چاوەڕوان نەکراو نەیەتە پێشەوە ئەمساڵ نمایش دەکرێت، زۆر سوپاسی بینەران دەکەم کە بە خۆشەویستی ئاسەوە چاوەڕێم دەکەن.

*** ئەو ئەکتەرانەی بەشدارییان کردووە چەندن لە (سەرەکی، ناوەندی، کۆمبارس)؟**

-کۆمەڵێك ئەکتەرلە هەموو شوێنەکانی کوردستان بەشدارییان لە بەشی سێیەمی گەردەلولدا کردووە بەم شێوەیە نزیکەی ١٠٠ ئەکتەری سەرەکی، ٢٠٠ ئەکتەری ناوەندی و زیاتر لە ١٠٠ کۆمپارس و ژمارەیەکی ئەکتەرەکانیش ئافرەتن.



***بەهۆی سەرقاڵ بوونت بە گەردەلوولەوە، شانۆت فەرامۆش کردووە، نیازت نییە پاش تەواو بوونی ئەم بەشە، شانۆگەریەك ئامادە بکەیت کە لە ئاستی هاوارێکی ئاسا یان مانگی ئاوا بوو و سروودی خۆش نودی بێت؟**

- سەرەتا دەمەوێ باس لەوە بکەم منیش لەگەڵ ئەو رایەم کە دەڵێن شانۆ لە قەیراندایە، هەرچەندە نکۆڵی لێناکرێ ئێمە خۆیشمان بەشێکین لەم قەیرانە، چونکە شانۆ رۆشنبیرییەکی چاکی پێویستە، رۆشنبیری شانۆیی کە لەگەڵ قۆناغەکەدا هاوتەریب بێت، قۆناغی ئێستا جیاوازە لەگەڵ قۆناغەکانی پێشووتر کاتێك ئەو شانۆگەریانەم پێشکەش دەکرد کە ناوت هێنان، بەشێکیش لەم قەیرانە دەسەڵات لێی بەرپرسە، دەسەڵاتی کوردی، چونکە شانۆکارانیان لەت لەت کردووە و فێری تەمبەڵییان کردوون و لە کاروانەکەو لە قۆناغەکەش دواکەتوون، ئەوندەی بیر لە شتی تر دەکەنەوە ئەوەندە بیر لە شانۆ ناکەنەوە، بیر لە شانۆی داماو و بێنازی کوردی ناکەنەوە، بە داخەوە هەندێ شانۆکاری جیددی کۆچیان کردووە وهەندێکیشیان بەهۆی سەفەر کردنیان بۆ دەرەوە شانۆیان فەرامۆش کردووە، خۆشتان دەزانن من بە گەردەلولەوە خەریکم کە پەیمان داوە پێنج بەش بێ، چونکە قۆناغەکە بریتییە لە پێنج بەش، ئەوا سێیەمم نزیکەی تەواو بوونە، ئەگەر مەرگ ماوەم بدا دەگەڕێمەوە بۆ نێو دنیای شانۆ، شانۆگەریەکم لە خەیاڵەو کاریشم بۆی کردووە پەنا بە خوا پێشکەشی دەکەم.



## نانسی چەند نهێنییەکی خۆی ئاشکرا دەکات

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی نانسی عەجرەم رایگەیاند کەوا هەمیشە حەز لە مۆدە دەکات و بەم دواییەش رووی لە شتی سادە و ساکار کردووە، چونکە مرۆڤ بە سادەیی و ساکارییەوە جوان و خۆشەویستترە لە لای خەڵك.

نانسی دەربارەی زێڕ وتی:من شێتی زێڕ نیم لەبەر ئەوەی کە زێڕە یان بەردێکی گرانبەها، بۆیە زۆر جار ئیکسسوارەکان بەکاردەهێنم لەجیاتی ئەڵماس، هەرچەندە زۆریش حەز لە ئەڵماس دەکەم، نانسی ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بەردەوام کرێمی پاراستنی دەموچاو هەڵدەگرێت، نانسی زیاتر دەڵێ: هەمیشە کلیلەکانی ماڵەوەم لە ناو جانتادایەو بەردەوامیش کەلوپەلی منداڵەکانم ئامێری شەحنی مۆبایل لەگەڵ خۆم هەڵدەگرم و زۆر بە دەگمەنیش لەبیریان دەکەم و هەمیشە حەز دەکەم لەوڵاتی ئیتاڵیا ژیان بەسەر بەرم.

نانسی لە کۆتاییدا ئاشکرای کرد کە خۆشترین ساتەکانی ژیانی ئەو کاتە بوو کە دوو کچەکەم بوو و تا هەتایە ئەم یادگارییە لە بیر ناکەم، سەبارەت بە چێشت لێنان دەڵێ: من خۆم بە ژنی ماڵەوە دەزانم و تا ماوەیەك بەر لە ئێستا خۆم ئامادەم دەکرد، بەڵام ئێستا شیفێکم بە کرێ گرتییە بۆ ئەوەی تەنیا چێشت ئامادە دەکات.






## جیسیکا: گەشبینی جوانیم پێدەبەخشێت

بەم دواییە ئەستێرەی سینەمایی جیهانی جیسیکا ئەلبا لە وڵاتی چین ئامادەی کردنەوەی ئاهەنگی کردنەوەی یەکێك لە مارکێتە جیهانییەکانی تایبەت بە ماکیاژ و کەرەستەکانی جوانکاری بوو وەك هەموو جارێك سەرنجی ئامادەبووانی بۆ خۆی راکێشا.

لە وەڵامی پرسیار یەکێك لە رۆژنامەنووسەکان سەبارەت بە چۆنیەتی پاراستن و پارێزگاری کردنی لە جوانی خۆی، جیسیکا وتی: بێگومان گرنگیدان بە تەندروستی دەموچاو و بەکارهێنانی کەرەستەی جوانکاری و مکیاژی باشی مارکە جیهانییەکان بەتایبەتی ئەوەی سروشتییە یا بۆ هەرئافرەتێك پێویستە بۆ ئەوەی هەمیشە بە گەنجی و جوانی بمێنێتەوە، هەروەها خۆراکی رێکوپێك و تەندروست هۆکاری سەرەکین بۆ جوانی ئافرەت.
جیسیکا باسی لایەنی دەروونیشی کرد وەك هۆکارێك بۆ مانەوەی ئافرەت بە جوانی و لەم بارەیەوە وتی: گەشبینی مرۆڤ و دوو دڵی و خەمۆکی کاریگەرییان هەیە لەسەر جوانی بە سلبی و ئیجابی، بێگومان هەر کاتێك مرۆڤ هەست بە دڵتەنگی یان خەمۆکی بکات کاریگەرییەکانی راستەوخۆ بەسەر روخساری مرۆڤەوە دەبێت، بە هەمان شێوە گەشبینی و شادی دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەمیشە جوان بێت، من هەمیشە بە گەشبینییەوە لە ژیان دەڕوانم و رەنگە یەکێك لە هۆکارەکانی جوانیەکەی من ئەو گەشبینیە بێت.



## میریام
## بێ مەبەست کارێکی کرد

لە یەکێك لە ئاهەنگە رەسمییەکاندا میریام فارس کچە گۆرانیبێژی لوبنانی بەشێوەیەك سەرنجڕاکێش خۆی نمایش کرد کە بووە مایەی سەرسوڕمانی ئامادەبووان و بە کارێکی نەشیاویان زانی.

میریام هەر زوو بۆ ئەوەی راگەیاندنەکان لەسەری نەکەنە کێشەیەکی گەورە و وێنەکان بڵاو نەکەنەوە ئەوەی رەت کردەوە کە مەبەستی ئەوە بووبێت خۆی رووت بکاتەوە و بە رووداوێکی زۆر ئاسایی زانی و وتی: هیچ مەبەستێکم لە پشت ئەو جووڵەیەوە نەبوو و زۆریشم لەلا ئاسایی بوو و نازانم هەندێك کەس وەك ئەوەی پیشەیان شکاندنەوەی خەڵکی بێت تەنیا بە دوای ئەو شتە بێ مانایانەدا دەگەڕێن و حەز دەکەن کەسایەتی هونەرمەندان بشکێنن لە نێو کۆمەڵگادا بەتایبەتی ئەگەر هونەرمەندەکە سەرکەوتوو بێت و خاوەن جەماوەر بێت، میریام هەروەها وتی: ئەمە یەکەمجار نییە کە ئەو قسانە دژی من بڵاو دەکەنەوە وتا هەروەك چۆن پێشتر بە مەرامەکانی خۆیان نەگەیشتن ئەم جارەشیان بە هەمان شێوە پیلانەکەیان سەرکەوتوو نابێت.

بەڵام دوای ئەم قسانە چەند دەزگایەکی راگەیاندن وێنەکانی ئاهەنگەکەیان دووبارە بڵاو کردەوە کە تێیدا دەردەکەوێت میریام چەند جووڵەیەکی وروژێنەری ئەنجامداوە و ئەوەی ئەنجامیدا بە هیچ شێوەیەك لە رووداوێکی ئاسایی ناچێت.




## سیلین دیۆن گۆڤارێکی فەرەنسی داغ کرد

دادگایەکی شاری تۆلۆزی فەرەنسی بڕیاریدا گۆڤاری (ICi)ی فەرەنسی بە بڕی ٨٠٠٠ یۆرۆ سزا بدات وەك قەرەبوو کردنەوە بۆ خانمە هونەرمەندی کەنەدی و جیهانی سیلین دیۆن دوای ئەوەی مافی سیلینیان پێشێل کردبوو.
پێشتر سیلین دیۆن لە ڕێگای پارێزەرە تایبەتییەکەی خۆی داوای بڕی ١٠٠ هەزار یۆرۆی کردبوو وەك قەرەبوو بەهۆی ئەو زیانانەی بەر خۆی و هاوسەرەکەی کەوت لە ئەنجامی وتارێك کە لە ساڵی ٢٠١٠ لە گۆڤاری ناوبراودا بڵاو کرابۆوە و باسی لە ژیانی تایبەتی خۆی و هاوسەرەکەی کرد بوو.
دادگای شاری تۆلۆز ملکەچی داواکەی سیلین نەبوو و گۆڤاری ناوبراوی بە بڕی تەنیا ٨٠٠٠ یۆرۆ سزادا، شایەنی وتنە گۆڤاری ICi لە ساڵی ٢٠١٠ وتارێکی بڵاوکردەوە و تێیدا باسی لە ژیانی تایبەتی سیلین کردبوو بەتایبەتی سکپڕییەکەی و ئەگەری مردنی کۆرپەکەی و ئەو دێڕەی کە سیلین و هاوسەرەکەی زۆر توڕە کردبوو ئەوە بوو: سیلین لە ژووری نەشتەرگەرییە، پزیشکەکانیش هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ ئەوەی منداڵەکەی نەمرێت، چونکە تەندروستیی زۆر خراپە.



## نەجوا : هەموویان درۆ دەکەن

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی نەجوا کەرەم هێرشێکی توندی کردە سەر ئەو ئافرەتە هونەرمەندانەی دەڵێن نەشتەگەری جوانکارییان ئەنجام نەداوە و بە درۆ کردن وەسفی کردن.
نەجوا لەم بارەیەوە گوتی: من تەحەدای هەر هونەرمەندێك دەکەم کە بڵێ پۆتیکسم بەکار نەهێناوە یان نەشتەگەری جوانکاریم ئەنجام نەداوە، با بێن لە بەرامبەر من ئەم قسەیە بکەن من ئەو شوێنەی دەموچاویشیان نیشان دەدەم کە نەشتەرگەرییان بۆی کردووە یان دەستکاریان کردووە. نەجوا کەرەم کە بەوە دەناسرێتەوە سەرەڕای تەمەنی تائێستا جوانی خۆی لە دەست نەداوە، نەیشاردەوە کە خۆی ئەم جۆرە نەشتەگەریانەی ئەنجامداوە و راشکاوانە وتی: ئەگەر منیش نەتوانم شوێنی نەشتەرگەریەکەیان بە تەواوی بۆ بدۆزمەوە ئەوا ئەو پزیشکەی خۆم دەهێنم کە بۆ منی ئەنجامداوە، بۆیە بەوانە دەڵێم پێویستە راشکاوانە و سادە بین لە ژیان، بەڵام درۆ کردن شتێکی ناشیرینە.



# ژیانی مەحســـون دەبێتە هەوێنی نوێترین دراما

ئا: محمد فەرهاد

دوای ئـــەوەی لە بـــواری گۆرانـــی وتن و ئەکتەریدا سەرکەوتن بەرچاوی بەدەست هێنا ئەم جارەیان هونەرمەند(مەحسوم قورمزگوڵ)بە زنجیرە درامای (ژیان بەردەوامە) سەرکەوتنێکی دیکە بە دەست دەهێنێت و دەبێتە یەکێك لەو زنجیرانەی کە خاوەنی زۆرترین جەماوەرن.

**(مرۆڤە بچوکەکان و چیرۆکە مەزنەکان)**

زنجیرە درامای (ژیان بەردەوامە) کەلە ئێستادا لـــە کەناڵی تەلەفزیۆنـــی (atv) پەخش دەکرێ توانیویەتی ببێتە پڕ بینەرترین درامای ئێســـتای کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی تورکی، مەحســـون لەم کارە نوێیەیدا پەردە لەســـەر چەنـــد دیاردەیەکی کۆمەڵایەتـــی دواکەوتـــوو دەکات کـــە زۆربەی کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان بەدەســـتییەوە دەناڵێنن بە کۆمەڵگای تورکیشەوە.

(ژیـــان بەردەوامە) باس لـــە کچێکی تەمەن ١٥ســـاڵانە دەکات بـــە ناوی (حەیـــات)، کە لە گوندێکی کوردستانی تورکیا دەژی، پێوەندییەکی خۆشەویستی پاك حەیات بە (کەریم) دەبەستێتەوە کە کوڕی بنەماڵەیەکی ناوداری ئەو ناوچەیەیە، ئەم پێوەندییە خۆشەویستییە بابەتی سەرەکی زنجیرە دراماکەیە. و وەك هەرچیرۆکێکی خۆشەویســـتی ســـەرەتا بە خۆشی دەســـت پێدەکات بەڵام دواتر دەبێتە کارەسات و ئەشـــکەنجە، و ئەو چیرۆکی خۆشەویســـتییە، بەرەو تاڵی و ناڕەحەتی دەڕوات و دەبێتە تراژیدیایەك بۆ هەردوو خۆشەویســـتەکە، بەتایبەتی کاتێك خێزانی حەیـــات بەو پێوەندییە دەزانن، هـــەر بۆیە بڕیار دەدەن ئەو گوندە جێبێڵن و بەرەو شـــارێکی نزیك گوندەکەی خۆیان ســـەر هەڵبگـــرن بۆ ئـــەوەی بە ئازادی و بە ویســـتی خۆیان دوور لـــە زەبر و زەنگ و تاڵی دابونەریتە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان بژین.

هونەرمەندی ناودار مەحسون قورمزگول ئەمە یەکەم بەرهەمی درامی نییـــە کە وەك دەرهێنەر کاری دەکات. و وەك لە هەموو کارە هونەرییەکانی پێشـــوویدا قورمزگـــول، ئەگـــەر بەشـــێوەیەکی ناڕاستەخۆش بێت باســـی لە مەزڵومیەتی کورد کردووە لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا.

هەیات لەشار شوو بە (عەباس) ناوێك دەکات کە تەمەنی هێندەی باپیریەتی. عەباســـی تەمەن حەفتا ساڵە بازرگانێکی زەنگین و دەسەڵاتداری ئەو شـــارەیە، لەگەڵ پاڵەوانی دراماکە زۆر بێ بەزەیی بووە.

مەحسوم قورمزگوڵی هونەرمەند کە سەرەتای چوونی بۆ ناو هونەر بە گۆرانی دەستی پێ کرد، ناوی دوو پرۆژەی نوێی خۆی ئاشکرا کرد، کە لە ئێستادا خەریکی کارکردنە لەسەریان. یەکێك لەو پرۆژانە فیلمێکـــی کۆمیدییە بە ناوی (هاوینی رەش) کە ژمارەیـــەك هونەرمەندی بەتوانای ئەو وڵاتـــە ئامادەیی خۆیان دەربڕیـــوە بەژداری تێدا بکەن.

جگە لەو فیلمە مەحسووم پرۆژەی درامایەکیشی لەبەردەســـتدایە بەناوی (بـــاوك وکوڕەکانی) کە هونەرمەندی ناســـراوی تورکیا (تۆنجێر کورتێز) رۆڵی پاڵەوانی سەرەکی تێدا دەبینێ.

هونەرمەند مەحســـون قورمزگـــول وەك خۆی دەڵێ زۆر شـــانازی بەو کارەیەوە دەکات و پێیوایە گەیشـــتۆتە لوتکەی سەرکەوتن بەو شێوەیەی کە خـــۆی چاوەڕێی دەکرد.و لەبارەی ئەوەی تاچەند ئەو درامایە پێوەنـــدی بە بەژیانی خۆیەوە هەیە، دەڵێ: من هەمان ئازارم چەشـــتووە، هەمان داخ و ئـــازاری ئەو خێزانە بەســـەر خانەوادەی ئێمەدا هاتووە، دایکم لەتەمەنی ١٣ ســـاڵی بە شودراوە. لەم زنجیرەیە توانیومە بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەو داخ و ئازارەی خۆم بکەمە هەوێنی ئەو کارەکە و پێشکەشی نەوەی نوێی وڵاتەکەمی بکەم.



پرۆفـــایڵ:

- مەحسون قورمزگوڵ کە گۆرانیبێژ، ئەکتەری دراماییی، رۆماننووس، سینەماکار و دەرهێنەرە لە ١٩٦٩ لە خێزانێکی کوردی هەژار لە بینگۆل لەدایك بووە، کە ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەی ٢٢کەس بوون.
- قۆناغەکانی بنەڕەتی هەر لە بینگۆل خوێندووە، کۆلێژی تەکنیك بەشی میوزیکی لە ئەستەنبوڵ تەواو کردووە.
- لە ســـاڵی ١٩٨٠ دەســـتی بە کاری هونەری کردوە.
- خاوەنی هەشت ئەلبومی گۆرانییە، کە هەریەکەیان یەکەم یان پلە پێشکەوتووەکانی پرفرۆشترین ئەلبومی ساڵی بڵاوکردنەوەکەی بووە.
- جگە لە گۆرانی و میوزیك، مەحسوون توانی وەك ئەکتەرێك رۆڵی خۆی ببینێ و ردە وردە وەك ئەکتەرێکی دراماییی، پاشـــان سینەمایی جێگای خۆی بکاتەوە.
- چەنـــد فیلمێکی ســـینەمایی بەرهەم هێناوە کە توانیویانە لە رووی جەماوەرییەوە بگەنـــە ئاســـتێکی بەرز و لـــە هۆڵەکانی ســـینەمای ئەمەریـــکا و ئەوروپا پەخش بکرێن.

# زاگرۆس جەبار وشەی (ناشیرین) و (جوان)ی زۆر پێناخۆشە

کچێکی زۆر بەتوانا و لێهاتووە کە چەندین بەهرەی هەیە لەیەك کاتدا، کوردێکی دانیشتووی هۆڵەندایە، لەساڵی ١٩٨٨ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، لەساڵی ٢٠٠٩وە دەستی بەکاری نواندن و شانۆیی کردووە و هەمیشە بەدیمەنەکانی ویستویەتی بۆ هۆڵەندی و ئەوروپییەکان ڕوون بکاتەوە کە گەنجانی کوردی کوردستان هەمیشە خاوەن بەهرە و توانای خۆیانن، جگە لەکاری شانۆیی و بەشداریکردنی وەکو ئەکتەر لەژمارەیەك شانۆگەری گەورە لەهۆڵەندا و توانیوتی شوێنی خۆی لەبواری شانۆدا بکاتەوە، هەروەها لەبواری بێژەری ئەنتەرنێتدا بەیەکەم بێژەری کورد دادەنرێت، لێهاتوویی زاگرۆس جەبار وایکردووە کە لەهەردوو بوارەکەدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام جگە لەبێژەری و نواندن ئێستا دەیەوێت لەبواری گۆرانی وتنیشدا بەختی خۆی تاقی بکاتەوە. دوور لەگۆرانی و شانۆ و بێژەری چەند پرسیارێکی تایبەتمان ئاراستەی زاگرۆس جەبار کرد و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.



***ئەو قسەیە چییە کە زۆر حەزت لێیەتی بیڵێیتەوە؟**

- هیچ قسەیەك یان وشەیەکی وا نییە کە زۆر حەز بکەم بە بەردەوامی بیڵێمەوە، بەڵام بێگومان هەموو کاتێك دەمەوێ وشەی جوان و شیرین بڵێمەوە، قسەی ناخۆش و ڕەقم زۆر بەزەحمەتی بۆ دێت، چونکە حەز بەو جۆرە هەستانە ناکەم بەرامبەر بەهیچ کەسێك.

***ئەو قسەیەی کە کەیفت پێ نایەت چییە؟**

- وشەی (ناشیرین) و (جوان)م زۆر پێناخۆشە، بۆیە کاتێك کە گوێبیستیان دەبم زۆر پێیان هەراسان دەبم.

*** ئەو شتە چییە کە زۆر توڕەت دەکات؟**

- ناحەقی بەرامبەر بەئافرەت و پێشێلکردنی مافی ئافرەت زۆر توڕەم دەکەن.

*** چی دەتگریەنێت؟**

- بینینی خەڵکی هەژار زۆر ئازارم دەدات.

*** ئەی چی وات لێدەکات پێ بکەنیت؟**

- قسەی خۆشی منداڵان.

***لەمنداڵیدا حەزت دەکرد چ کارە بیت چ کارێك بکەیت؟**

-هەر لەمناڵییەوە زۆر حەزم لەکاری هونەری و ئارایشت دەکرد.

*** ئەی لەخواردنەکان زیاتر حەزت لەکام خواردنە؟**

- زۆر حەزم لەخواردنی کوردەوارییە بەهەموو شێوە و جۆرەکانییەوە.

*** جگەرە دەکێشی؟**

- نەخێر نایکێشم و زۆریش هەراسان دەبم کاتێك یەکێك دەبینم جگەرە دەکێشێت و بەبۆنەکەشی زۆر تێکدەچم، هەموو کاتێك دەڵێم سەرۆکی هەر وڵاتێك بوومایە جگەرە کێشانم قەدەغە دەکرد.

*** تائێستا چی تۆی هێناوەتەوە جۆش؟**

- ژیان پڕە لەخۆشی و ناخۆشی، بەڵام نابێت ساتی خۆشییەکان و کەسوکار و ئەزیزانم بکەم بەقوربانی ناخۆشییەکانی ژیان، دوای هەموو ناخۆشییەکیش خۆشییەك دێت.

***زیاتر حەزت لەکام گۆرانی و گۆرانیبێژە؟**

- گۆرانی فۆلکلۆر و ڕەسەنم زۆر زۆر پێخۆشە.

***لەناو کوردستاندا بەکام کەسایەتی سەرسامی؟**

- زۆر زۆر بەهونەرمەندە ڕەسەنەکان سەرسامم.

***ئەوکاتانەی تەنیای کام گۆرانی لەبەر خۆتەوە دەڵێیتەوە؟**

- لەکاتی تەنیاییدا گوێ لەگۆرانی دەگرم، گۆرانی ناڵێمەوە.

***ناخۆشترین دەنگ لەلای تۆ دەنگی چییە؟**

-دەنگی گوێدرێژ.

***ئەی خۆشترین دەنگ چییە؟**

- دەنگی باڵندەکان.